راپەڕین لە لاواندنەوەو گێڕانەوە بۆ خوێندنەوەو بەرهەم هێنانەوە

راپەڕینی ئاداری (1991) سەرەتایەکی نوێی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانیی کوردستاندا نەخشاندو گۆڕانکارییەکی بابەتی و چلۆنایەتیشی لە ژیانی سیاسی و ئیداری ئێمەدا هێنایە ئاراوە، بەڵام دواتر لەسەر زەمینی جوگرافیای خۆیدا دووچاری چەقێکی کوشندەو خۆ خواردەنەوە هات، بەشی زۆری ئەو فاکتەرو هێزانەشی چەپاند کە ئەویان هێنایە بەرهەم.
ئێستا لە کاتێکدا (11) ساڵ بەسەر راپەڕیندا تێ دەپەڕێت ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دوور لە گێڕانەوەو لاوانەوە، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ بکرێت؟ ئایا بۆچی تاکو ئێستا زۆر لە ئامانجەکانی راپەڕین نەهاتوونەتە دی؟
رایەك هەیە پێی وایە ئەوانەی هەوێنی راپەڕین بوون ئێستا وزەی راپەڕینیان لەبەردا نەماوە، ئێستا لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیداین، چۆن دەتوانین روحی زیندوێتی وەبەر راپەڕین بکەینەوە؟ ئەم سێ پرسیارە هەوێن و نێوەڕۆکی، ئەم تەوەرەیەمان دەبێت کە تایبەتە بە راپەڕین.

ئامادەکردنی: هیوا مستەفا

شێرکۆ بێکەسی شاعیر:

دوو سەرۆکی وەزیران و دوو وەزیر بۆ هەر وەزارەتێك لە هەردوولا، نیشانەی یەکنەبوونە، نیشانەی ناهوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانییە



بە هەموو مانای وشە (راپەڕین)، رۆژگارێ هاتە ئاراوە کە مێژووی ئێمەی سەر لەبەر گۆڕی. لە تونێلێکی تاریك و نوتەکەوە بۆ دەرەوەی رووناکی و ئازادی. ئەوەی بە مەحاڵ لە قەڵەم ئەدرا، لەبەردەم ئیرادەیەکی یەکگرتووی گەلەکەماندا هەرەسێکی کوت و پڕی هێنا. بە کورتی لەدایکبوونەوەیەکی تازە بوو. خەونێك هاتە دی کە هەزاران هەزار لەپێناوی بینینیا بە ناکامی سەریان نایەوە. دوای یانزە ساڵ بەسەر تێپەڕینی ئەم رووداوە هەژێنەرە گەورەیەدا، هەڵبەتە هەر یەکێکمان کە تەماشای ئەو پانۆرامایانە دەکاتەوە کە لەو رۆژەوە تا ئەمرۆ لە هاتووچۆدا بوون. لە گەڵی جومگەی ئەو بەسەرهاتانەدا، تووشی جۆرێك لە نائومێدی و رەشبینی دەبین وەختێ ئەزانین کە بەشێکی زۆری ئەو خەونە جوانانەی خۆمان بەدەستی خۆمان کوشتووەو لە هەندێ لای تریشەوەو هەر لە رۆژگاری ئەمرۆماندا کە تەماشای کۆمەڵێ کاری جوان و ئەو ئازادی و کەش و هەوای دیموکراتییە دەکەین- لەگەڵ هەموو خەونێکدا- هەست دەکەین ئاسۆی روون هەر دیارەو نەگەیشتووینەتە بنبەست و نائومێدی. راپەڕین لە پاڵ ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە لە ناوچەکەداو بۆ ئێمە هاتە ئاراوە واتە دوا بەدوای شەڕی دووەمی کەنداو دەرفەتی گەورەو مێژوویی لەبەردەم ئێمەدا کردەوە. هەڵبژاردن و دروست بوونی حکومەتی کوردستان و پەرلەمان و ژیانەوەی زانکۆکان و سوود وەرگرتن لە بڕیاری (986) لە رووی ئابوورییەوە، ئازادی بیرورا دەربڕین و بزووتنەوەی سەربەستانەی رۆژنامەگەری و چالاکی فرە رەنگی رۆشنبیری و چاپەمەنی و سەرهەڵدانی جۆرێك لە رەخنەو رەخنە گرتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرچوونی هەندێ رۆژنامەو گۆڤاری سەربەخۆ لە دەرەوەی بازنەی حزبەکان و گەرمبوونی مێزگردو دیالۆك و بیرورا گۆڕینەوە لە رێگەی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفیزیۆنەوە. ئاوەدان بوونەوەی بەشی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان، ئەمانە تێکڕا ئەو چرایانەن کە ناکرێ نەیانبینین. بەڵام لە هەمان کاتداو دوای یانزەساڵ ئەبێ بێ سلەمینەوە ئەوەش بڵێین: کە شەڕی ناوخۆمان گەورەترین زیانی بە رەوتی دیموکراتیی و ئازادی و یەکێتی ریزەکانی ئێمە گەیاند.

پرۆسەی ژیانەوەی لە هەموو بوارەکاندا دواخست. بڕوای میللەتەکەمان و بڕوای میللەتانی دنیایشی بەم ئەزموونە کز کردو کەمکردەوە. تۆ بڕوانە ئەوە چەند ساڵ بەسەر رێککەوتننامەی واشنتۆندا تێپەڕی و بەڵام تا ئەمڕۆش هەر لە جێی خۆمانین و تەنانەت شتێکی وا نەکراوە- مەبەستم رێکەوتنی سیاسی- کە بتوانین ئاماژەی بۆ بکەین. لە هەمووشی دژوارتر ئەوەیە کەسانی سەربەخۆو روناکبیران باس لەوە ناکەن یان ناپرسن: لەبەر چی گەیشتن بە ئەنجام و کۆتایی رێککەوتنێکی سیاسی نەبووە؟! لەمەش زۆر گرنگتر ئەو پرسیارەیە: ئەو حزبە یان ئەو تەرەفە کامەیە کە نایەوێ رێککەوتن دروست بێ و هەردوو ئیدارەکە یەکبگرێتەوەو هەڵبژاردنی نوێ بکرێتەوە؟! کاتی ئەوە هاتووە، رەنگە درەنگیش بێ، کە پێویستە بە بەڵگەوە روناکبیران و کەسانی هوشیاری گەلەکەمان ئەو دەسەتنیشانکردنە بێ سڵەمینەوە دیاری بکەن! دیواری پیرەرو درێژەدان بەم دوو کەرتبوونی جەستەیەو کردنی بە واقعێکی تاڵ بەلای منەوە عارە. (دوو سەرۆکی وەزیران و دوو وەزیر بۆ هەر وەزارەتێك لە هەردوولا، نیشانەی یەکنەبوونە. نیشانەی ناهوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانییە) بەڵام دیسانەوە ئەپرسم کێن ئەوانەی درێژە بەم گەمە پەردە لە روو هەڵماڵداوە ئەدەن؟! یان دەیانەوێ چاوبەستی خەڵك بکەن؟! لێژنەی ئاشتی هەر ئەوەندەیان کردووە ژمارەی کۆبوونەوەکان زیاتر بکەن! بەڵێ راستە نە ئاشتی و نە شەڕ هەر لە شەڕو پێکدادان باشترەو، مەرحابایەك لەرووکردن بەولاوە باشترە، تەوقە کردن لە سووربوونەوە باشترە بەڵام ئەمانە چارەسەری بنەڕەتییان لا نییە، تەنها رێگە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو هەڵبژاردنەوەی تازەو رووکردنە دەنگی میللەتەکەمانە. من پێم وایە ئەم گەمەی نە ئاشتی و نە شەڕو درێژەدان بەم بارودۆخە بێ ئەنجامە گەمەیەکە وردو درشت تێیگەیشتووە. من بەش بە حاڵی خۆم تا وەك جاری جاران ئیدارەیەکی یەکگرتوو، پەرلەمانێکی شەرعی، دابەشکردنێکی عادیلانەی سەروەت و سامانی ئەو میللەتە نەبینم. هەموو کارێکیش چەند جوان بێ هەر نیوە چڵە. نیوە دڵ خۆشییە. نیوە دەستکەوتە. با ئەو لایەی کە نایەتە پێشەوەو بە جدی نییەو مەبەستی وەخت بەسەر بردنە با بە هەموومان گوشاری بخەینە سەر. لێیان بێدەنگ نەبین. جا ئێمەو ئەو لایە هەر لایەك بێت.

بێدەنگ بوونی ئێمەو تەواوی روناکبیران لە ئاستی مەسەلە چارەنووس سازەکاندا، کە یەکێکیان لە پرسیاری: بۆ چی رێککەوتننامەی واشنتۆن جێبەجێ ناکرێ؟دا خۆی ئەبینێتەوە! با بەڵگەکان بدوێن. با شایەتەکان بدوێن. با واقیع خۆی بکەین بە دەلیل و رێڕەوو تۆمارکەر گرنگ قسە نییە. بەڵکو کردارە. گرنگ پروپاگەندەی رۆژنامەو کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان نییە. گرنگ ئەو واقیعە سیاسییەیە کە هەموومان رۆژانە ئەیبینین. گرنگ سەردانی وەفدو کۆبوونەوە وەرسکەکانی لێژنەی ئاشتی نییە. گرنگ ئەوەیە ئێمە نەمانتوانیوە تا ئێستا دوو وەزارەت بکەین بە یەك وەزارەت و بازگەی پیرەر لابەرین!

راپەڕین بۆ ئەوە بوو ئازادی و بەختیاری خەڵك روو لە فراوان بوونی زیاترو ژیانێکی بەختەوەرتر بکات. پاراستنی رۆحی زیندووی راپەڕین بەوە دێتە دی. مەوداکانی ژیانی دیموکراتی. بزووتنەوەی رەخنەی عەقلانی. کارکردن لەپێناو ژیانێکی مەدەنیدا درێژە پێ بدەین. بتوانین لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بگونجێین. من دوو پێوانەم هەیە بۆ ئەم گەشە پێدان و گۆڕانە: یەکەم: پاراستنی ژیانی دیموکراتی. دووەم: یەکبوونی ریزە نیشتمانپەروەرو هەموو هێزو گروپە عیلمانی و دیموکراتییەکان. بە لاوەنانی هەموو توندڕەوییەك جا لەژێر هەر سەقفی ئایدۆلۆژیایەکدا بێت، کرانەوە لەسەر خۆمان و لەسەر دنیا، جیاکردنەوەی سوڵتەی سیاسی و دینی لە یەکتر. یەکسانی و بەرابەری ژن و پیاو، گەرانەوەی بەردەوام بۆ لای رای خەڵکی کوردستان لە هەموو مەسەلەیەکی گرنگدا. خۆئامادەکردنمان (بە یەکگرتوویی) بۆ هەر گۆڕانکارییەك ئەگەر لە ناوچەکەدا روویدات. بەرنامە رێژی بۆ هەر هەنگاوێك و لە هەر بوارێکدا ئەمانەو زۆر شتی تر ئەو بنەمایانەن کە ئەتوانین بۆ پاراستنی گوڕو تینی رۆحی راپەڕین بیانکەین. بەر لەمەش ئەبێ ئەوە بزانین چۆن بەرەو رووی خەتەری بزووتنەوەی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی ئەبینەوە!! بەرنامەمان چییە؟!

بە کورتی: ئەوەی کە راپەڕین بە جوانی و زیندوویی لە رۆحی هەموماندا ئەهێڵێتەوە. پاراستنی ئازادی و دیموکراتییە کارکردنە بۆ خەڵکە هەژارەکەی کوردستان. من پێم وایە راپەڕین گۆمە خەونێکی جوان بوو بەڵام ئێمە خۆمان لێڵمان کرد. بەڵام بۆ لێڵ بوو؟! کێ لێڵی کرد؟! ئەمەیان لە دەرفەتی تردا باس ئەکرێ!.

کاروان عەبدوڵڵا

راپەڕین گواستنەوەیەك بوو لە فاکتەرەکانی وابەستەبوون. بەرەو فاکتەرەکانی ئازادیی

کەسانێك هەن، راپەڕینی بەهاری 1991 راستەوخۆ بەوە دەبەستنەوە، کە ئەگەر رژێمی عێراق، کوێتی داگیرنەکردبا ئەوە نە ئەمریکا زەمینەی پێکهاتنی هاوبەندی نێو دەوڵەتیی بۆ دەڕەخسا، نە خەڵکی عێراقیش بە عەرەب و کوردەوە هێندە زوو رادەپەڕین، یا کەسانێکی دیکە دەیانەوێ خەسڵەتی نەتەوایەتی لەو راپەڕینە دابماڵن و مۆرکی تەواو عەبیاری عێراقی پێ بدەن، بیانوشیان ئەوەیە، کە راپەڕینەکەی (باکورو باشوور) لە یەك کات و لە یەك ولات، بەرپاکراو رووبەرووی یەك رژێمیش بۆوە، کە لە توندو تیژیدا جیاوازی لە نێوان عەرەب و کوردو نەتەوەکانی دیکە نەدەکرد، ئەو راپەڕینانەش (بەپێی قسەی ئەوان) ئاکامی ئەوتێکشکانە بوو کە رژێمی عێراق بە دەست هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا تووشی هات و لەسەر بانگەوازی ئەمریکاش بەرپا کران، بەڵام چونکە ئاراستەی راپەڕینەکان لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبوو، بۆیە گڵۆپی سەوز بۆ رژێمی عێراق هەڵکرا، کە بە خێرایی دەست لە راپەڕیوەکان بوەشێنێ و زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکە رزگارکراوەکان داگیر بکاتەوە، کەچی هەر لەگەڵ پەلامارەکانی سوپای عێراق، خەڵکی کوردستان وەڵامی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیان دایەوە، بەوەی تێکڕای خەڵکەکە وەك رەتکردنەوەیەکی میللی شارو شارۆچکەکانیان جێ هێشت و کۆڕەوی سەرتاسەریان هەڵبژارد، هەر دوای ئەمە، پاش ئەوەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیی لە کارەساتی کۆڕەوی کوردان و دڕندایەتی رژێم ئاگادار بوونەوە، بەشێکی زۆری کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاوە کرایە ناوچەیەکی ئارام پارێزگارییان لێ کرا، ئەو تراژیدیایەی بەسەر خەڵکی کوردستان هات، جارێکی دیکە ئەو راستییەی سەلماندەوە، کە کورد کێشەیەکی نەتەوایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هەیە، ئەو کێشەیەش تەنیا بەوە چارەسەر دەکرێ کە بونیادی ئەو دەوڵەتەی بە زۆر خاك و گەلی کوردستانیان پێوە لکاندووە، تێك بشکێندرێ و لەسەر بنەمایەکی دیکە پێکبهێندرێ، کە دەستنیشانی مافەکانی ئەو نەتەوەیە بکا، لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی. هەر سەرکەوتنێکیش لەو بوارەدا وەدەست هاتبێ ئەوە لە لایەن حکومەتەکانەوە، مەترسی هەڵگەرانەوەی بۆ هاتۆتە پێش، چونکە لە بنەڕەتدا هەر رێکەوتنێك لەگەڵ رژێمدا، رێکەوتنێکی سیاسی، غەیرە دەستوری بووە، بۆیە هەڵوەشانەوەی لەلایەن رژێمەوە ئاسان بووە. راستە دوا راپەڕین، لەسەردەمێکدا روویدا کەلە سەرتاسەری دنیادا سەرەتاکانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پارسەنگی هێزەکانی نێودەوڵەتیی دەستی پێکردبوو، لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەش زیاتر بەرجەستە بوون کە لە دژی عێراق، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1990 پێکهێنراو رژێمیان ناچار کرد، سەر بۆ ئیرادەو بڕیارەکانی هاوپەیمانان و (UN) نەوی بکا، عێراقیش لە جاران زیاتر ئەو حەقیقەتەی بۆ ئاشکرا بوو، کە کێشەی کوردستان، کێشەی گەلێکە بەبێ چارەسەرێکی مەعقوڵ، نە رژێم و نە خەڵکانی عێراق سەقامگیری و تەبایی بە خۆیانەوە نابینن، راپەڕین و کۆڕەویش دوو حەقیقەتی تەڵخبوون بۆ رژێم، بەڵام چونکە کۆڵەگەکانی دەوڵەتی عێراق، لەسەر بنەمایەکی عادیلانەی دەستوری دانەمەزراوەو ئەوانەی دەسەڵاتەکەش بەڕێوە دەبەن، سەرچاوەی ئایدیاکانیان لە سنوری بەرژەوەندییەکانی تەسکی نەتەوەیی دەرناچێ، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، لە تاکتیك و ئیدعایەکی نەزۆك زیاتر تێپەڕ ناکاو ئاکامەکەی، بە شەڕو شۆڕو پیلانی گەورە بۆ لەناوبردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان کۆتایی دێ.

حکومەتەکانی عێراق بە درێژایی دەیان ساڵەی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردستان، لە هەوڵی ئەوەدابوون، کە رێگە لەوە بگرن، کێشەی کورد، سنوری عێراق ببڕێ و ناوەندە نێو دەوڵەتییەکان، گفتوگۆی لەسەر بکەن و هەڵوێستێك نیشان بدەن، چونکە لەو حەقیقەتەش گەیشتبوون، کە ئەگەر ئەو ناوەندانە دەستیان بگاتە کوردستان، دەستە بەخوێنەکانی رژێم، لەسەر لاپەڕە پڕ لە قوربانییەکانی گەلی کوردستان، بۆ رای گشتی دنیا ئاشکرا دەکەن، هەربۆیە کاتێك راپەڕین روویدا دەسەڵاتداران ئەوەندەی بە راپەڕینی خەڵکی کوردستان و رزگارکردنی شارو شارۆچەکەکان تێك چوون، ئەوەندە بە راپەڕینەکانی خوارووی عێراق نەکەوتنە پەلەقاژو ئامادەیی بۆ گفتوگۆو رێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد. چونکە مەرگی حەقیقیان لەو راپەڕینەدا دەبینی، نەك لە راپەڕینەکانی خواروو، ئەمەش بەو مانایە نەبوو، کە راپەڕینەکان لە سەرتاسەری عێراقدا، لە ژێر کاریگەری یەکتردا نەبووبن، بە پێچەوانەوە هەموویان لەو خاڵەدا یەکانگیر دەبوونەوە، کە لە پێگەکانی دەسەڵاتیان دەداو رژێمیان لە روخانی حەتمی نزیك دەکردەوە، بەڵام راپەڕینی کوردستان لە ناوەڕۆکدا شتێکی دیکە بوو، کورد لەبەر ئەوە راپەڕی چونکە بە درێژایی مێژوو لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەش کرابوو، بە زۆرو دوور لە ئیرادەی خۆیەوە، بە عێراقی تازە لکێنرابوو، هەر لەوێ رۆژێوە، سیاسەتی خاك سووتاندن و کوشت و بڕو راگواستنەوەو تەعریبی رووبەروو دەکرایەوە، ئەو زوڵمە مێژووییە وەك پرۆسەیەکی سیستماتیك پەیڕەو دەکرا، کە لە سەردەمی رژێمی ئێستادا، گەیشتە لوتکە، کاتێك پیسترین و خەتەرناکترین چەکی کۆکوژی لە دژی خەڵکی مەدەنی بەکارهێناو ئەنفالی بەدناوی بەرپاکرد، رژێمێك ئەو کارەساتانەی بەسەر خەڵك هێنابێ، دەبێ خەڵکیش چ کاردانەوەیەکیان هەبێ، خەریکی وەبەرهێنانی چی بن؟

ئایا راپەڕین وەڵامی ئەو زوڵمە مێژووییە نەبوو؟ هەشتا ساڵ زیندانی، هەشتا ساڵ بە زۆر پێوەلکاندن، دوورخستنەوەو راگواستن، ئیعدامکردن و خاکسوتاندن، هەشتا ساڵ.. ئەگەر راپەڕین نەبوایە، چۆن داگیرکەران لە زمانی پڕ برینی ئێمە تێدەگەیشتن؟

راپەڕین وەرچەرخانێك بوو، تەواوی کۆمەڵگای کوردستانی خستەوە سەرپێ و هەلومەرجێکی وای خوڵقاند، کە لە فەزا تەسك و ئابڵوقەدراوەکان، دەربچێ و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ناچار بکا، ئاوڕێك لە پرەنسیپەکانی مرۆڤدۆستی بداتەوەو بە لاپەڕە پڕ غەدرەکانی مێژووشدا بچێتەوە واتە راپەڕین توانی کێشەیەکی داخراو دەمکوتکراو، بەرەو کێشەیەکی کراوەو خۆناساندن بە جیهانی دەرەوە ببات و رای گشتی دنیا وە جوولە بخات . . . بەوە راپەڕین ئەو راستییە سادەیەی سەلماندەوە کە خەڵکی کوردستان بەغەیری دەسەڵاتی کورد هیچ دەسەڵاتێکی دیکەیان قەبوڵ نییە، هەر لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین راپەڕین بەهێزترین وەسیلەی خەباتی جەماوەریی بوو، بۆ تەعبیر لە خۆکردن و هەڵگێڕانەوەی واقیعی سەپێندراوو چەواشەکراو، بەسەمتی هەلومەرجێکی دیکە، کە ئەو ئەمری واقیعە (دیفاکتۆیە)ی لێ کەوتووە. ئەوەی زۆر گرنگەو دەبێ لێرەدا باسی لێوە بکەین ئەو دیاردانەن کە خودی راپەڕین، لەسەر ئاستی نێوخۆو دەرەوەدا لەگەڵ خۆی هێنان و گەلی کوردستانیان خستە نێو مەحەکێکی مێژووییەوە کە چۆن لە داهاتوودا بتوانێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکاو بە چ ئاراستەیەکیاندا ببا، گرنگترین ئەو دیاردانە:

1- رەتکردنەوەی وا بەستەبوونی بەزۆر بە دەوڵەتی عێراقەوە.
2- یەکریزی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا.
3- مومارەسەکردنی ئازادی رادەربڕین لە لایەن تاك و گروپ و رێکخراوەکانەوە.
4- سەرهەڵدانی خەباتی فرە حزبی.
5- بەشداری پێکردنی کاریگەرانەو ئامادەبوونێکی بەرفراوانی ئافرەتان لەو وەختە چارەنووسسازەدا.
6- لێبوردن و کاردانەوەی مرۆڤدۆستانە لە هەمبەر پیاوانی رژێم و دیلەکان.
7- ئیلتزامکردنی خەڵك بە بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسییەوە.
8- یەکریزیی و یەك هەڵوێستیی حزبە کوردستانییەکان.
9- بەرزبوونەوەی گیانی لە خۆبوردوویی و بەرەنگاری.

گرنگی مێژوویی راپەڕین لەوەدا نەبوو، کە چ هێزێك، لەوی دیکە کارامەو دەستپێشخەرتر بوو، یا کامە هێز قوربانی و شەهیدی لەوی دیکە زیاتر بوو، بەڵکو لەوەدا بوو، گەلی کوردستانی لە قۆناغی ژێر دەستەیی، بۆ قۆناغی رزگاریی گواستەوەو ئەرکێکی گەورەی بە پلەی یەکەم خستە ئەستۆی هێزە سیاسیەکان کە کار بۆ ئەوە بکەن، قۆناغی رزگاریش، بەرەو قۆناغی سەربەخۆیی ببەن، بەڵام ئەوەی لە دوای راپەڕین روویدا، بە تایبەتیش دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت، دروست بە پێچەوانەی ئاواتی راپەڕین بوو ئەو ئاراستەیەی کە هێزە سیاسیەکان گرتیانە بەر، ئەو ناتەباییەی دەرخست کە لە نێوان راپەڕین و ئامانجەکانی تەسکی حزبەکاندا هەبوو.

شەڕی ناوخۆ، تەنیا شەڕێك نەبوو لەسەر دەسەڵات بەڵکو شەڕێك بوو بۆ لاوازکردنەوەی هێزی راپەڕین، لەهەمبەر دوژمنێکی سەرسەخت، کە لەو هەلە دەگەڕا ئەو یەکێتی و یەکریزییەی لە راپەڕیندا دروست بوو، بەو شەڕە تێك بشکێنرێ و زەمینەیەکی وا دروست ببێتەوە، کە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی چاو لە داگیرکردنەوەی کوردستان لەلایەن رژێمەوە دا بپۆشێ و بۆ هەتا هەتا ئامانجەکانی راپەڕین لە گۆڕ بنرێن. هیچ بە هانەیەك (هەقانیەتی) هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە قەبوڵ ناکا، چونکە لە هەر تاکێکی کۆمەڵگای کوردی بپرسی، بۆچی راپەڕینت کرد؟ لە وەڵامێکی سادەدا دەڵێ بۆ ئازادی! نەك بۆشەڕ. ئازادی بۆ کێ! هێزە سیاسیەکان ئەگەرچی رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە راپەڕینەکەدا گێڕا، بەڵام کێ دەتوانێ نکۆڵی لەو راستییە بکا، کە جەماوەری کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە نەك راپەڕینی بەرپاکرد، بەڵکو هەر خۆی، بوو بە ئەو هێزە راکێشەرەی کە حزبە سیاسییەکانی بە هەموو داموو دەزگاو کادیرەوە لە شاخەوە بۆ شارەکان گواستەوەو کلیلی داهاتووی سەرکەوتنیشی دایە دەست ئەو هێزانە.. چونکە بە هەق لەوە گەیشتبوو، کە ئەو هەلومەرجەی راپەڕین دەیهێنێتە ئاراوە، پێویست بەوە دەکا، هێزە سیاسیەکان ئاراستەی بکەن بەڵام ئەوەی بۆ ئەو جەماوەرەی کە راپەڕینی خوڵقاند، جێگەی داخ و کەسەرێکی قووڵ بوو، ئەو هێزانە لە جیاتی خۆ ئامادەکردن، بۆ تەواوکردنی قۆناغی رزگاری، کەچی سەرەتایەکی خەتەرناکیان لە ململانێیەکی توندوتیژی کۆن، لە نێو شارەکانی رزگارکراوی دەستی راپەڕین، نوێ کردەوەو ئەو ماڵەی راپەڕین بۆیانی پێك هێنابوو، بە دەستی خۆیان دایانڕماندو جارێکی دیکە کوشتارەکەی نێو کێو و چیاکانیان، بۆ نێو ئەو ماڵە تازەیە گواستەوەو خەڵکێکی دیکەیان خستە ژێر داروبەردی ئەو ماڵە رمێنراوە. بە هەرحاڵ ئەگەر ئەو فاکتەرە نێو دەوڵەتیە بۆ پاراستنی ئاسمان و خاکی رزگارکراوی کوردستان نەبوایە، ئەوە حاڵی راپەڕین و ئەو ماڵە وێرانکراوەی دەستی هێزەکانی شەڕی بڕا کوژی، لە تێکشکان و داگیرکردن قورتاریان نەدەبوو، بەڵام هەر ئەو فاکتەرە شانسێکی دیکەی، خستە گیانی راپەڕین و ئەو ماڵە وێرانکراوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دروستی بکەنەوە، کەچی ئەوەشیان هەر نەکرا، بە پێچەوانەوە ئەمجارەیان ماڵە وێرانکراوەکەیان بە شێوەیەکی دیکە بونیاد نایەوە، لە ماڵێکەوە کردیان بەدوو، هەر دوو ماڵەکە، کە بە دەستی کورد سازکران، کارلێکەریان لەسەر تەواوی بونیادی فیکری و رۆشنبیریی و سیاسیی و ئەخلاقی کۆمەڵگا دانا.

هەر ئەو کالێکەرییە زەمینەی ئەوەی خۆشکرد، کە خەڵکانێکی زۆر ئەوانەی هیچ بەرژەوەندییەکان لە بەرپاکردنی راپەڕیندا نەبوو، بێنە مەیدان و دزە بۆ نێو دەزگاکانی حزب و رێکخراوو حکومەت بکەن و بەرە بەرەش شوێن پێی خۆیان بە هێزو بەهێزترو فراوان و فراوانتر بکەن، تا بە رادەیەك گەیشتن کە نەتوانرێ بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێن، کەچی کەسانێك کە لە پێشەوەی ئەو راپەڕینە بون و هەڵگری پەیامە نەتەوەییەکەی بوون، ئێستا لە شوێنێکدان کە نەك هەر کاریگەرییان بەسەر رووداوەکانەوە نەماوە، بەڵکو خۆیشیان لە بارودۆخێکدا دەبیننەوە، کە نامۆن بەو ئەزموونە، لە راستیدا ئەو کەسانە دەربڕی راستەقینەی ئامانجەکانی راپەڕین بوون، ئەوانەش کە شەڕو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی زەمینەی هاتنە پێش و دزەکردنیان بۆ خوڵقاندن بوونە فاکتەرێك، کە نەك خودی یاساکان لە پەکبخەن و پێشێلیان بکەن، بەڵکو زۆرجار رۆڵی یاسا دەبینن، یاخود لە سەرەوەی یاساکانن، بەو شێوەیە ئەو کەسانە دەبنە ئەو هۆکارە سلبییەو کە ناهێڵێ کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدیەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی، واتە لەو هەلومەرجە ناسك و لەو سەردەمە پێشکەوتووەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێ، ئەوانە وەك هێزێکی دیارو نادیار لەناو جەستەی ئەزموونی کوردستان، گەرای کۆنەخوازی و پاشکەوتن و تێکدەری دادەنێنەوە کە ئەگەر هەلوەستەیەکی جیددی لەسەر نەکرێ مەترسی دەخەنە سەر ئەزموونەکە. ئەرکی سەرەکی و رۆڵگێڕانی گرینگ بۆ ئەو هەڵوەستەیە، دەکەوێتە سەرشانی هێزە باڵادەستەکان کە هێشتا ئومێدێکی زۆر ماوەو زەمینەی نێوخۆیی و دەرەکیش لە ئارادایە، کە ئەو رۆڵە مێژووییە ببینن و کۆمەڵگای کوردستانی لە ئاسەواری هەرە خەتەرناکی شەڕو توخمی ئەنتی دیموکراسی رزگار بکەن. لە کاتێکدا ئەم خوێندنەوە خێرایە لەسەر راپەڕین و دوای راپەڕین و پێشهاتەکان دەخەمە روو، لە هەمان کاتدا لەوە دڵنیام کە ئەم هەلومەرجەی کوردستان، لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە نێوخۆیی و دەرەکیانەش، داهاتوویەکی گەشی دەبێ، بەڵام بە زەحمەتییەکی ئێجگار زۆر، کە دەکرێ رێ لەو زەحمەتییانە بگیرێن، دەرس و عیبرەت وەرگرتن لە مێژووی خۆمان و خەباتی گەلان لە تێکشکان و سەرکەوتنەکاندا، ئەو ئەرکەمان پێ رادەسپێرێ، کە ئەگەر ئەمجارەیان بە خۆمان رانەگەین و ئەو ئەزموونە بە روحییەتی پراکتیکی سەرەتاکانی راپەڕین شەحن نەکەینەوە، ئەوە چارەنووسی هەموومان.. هەر هەموومان وەك یەك دەبێ، مێژووش رەحم بە هیچ لایەنێك ناکات، لە دەستدانی ئەو هەلە مێژووییە تێنەگەیشتنە لە گرنگی ئەو قۆناغەی کە کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ و دەرنەچوونە لە چوارچێوەی تەسکی بەرژەوەندییەکان، کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ مەنتیقی سادەی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و سیستمی نوێی جیهان و گۆڕانکارییەکان یەك ناگرنەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ئیدی کۆمەڵگای کوردستانی، جێ سەرنجی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و خودی سیستمی تازەی دنیایە، لەمەش زیاتر خاڵی بایەخپێدراوی زلهێزانی و ئەو سیستەمەیە!